# خەڵك كرين دياردەيەكی دزێوو بێفەرە ؟؟

ئەحمەد رەجەب

2005/6/5

یەكێك دەچێتە بازار گۆشت،برنج، تەماتە، پیاز، كەوەر، تەرخون، كراس، پانتۆڵ، شانە، ئاوێنە،مۆكێش، خاولی، پایسكل، ئۆتۆمبێل یان خانوو دەكرێت و، ئەوە مافی خۆیەتی و، كەس مافی ئەوەی نییە رێی لێبگرێت چونكە پارەوپوولی خۆیەتی و، بە دڵی خۆی و بە ئارەزوو خەرجی دەكات، تەنانەت ئەتوانێت تۆڵەكە وخەرتەلە بكرێت !!.

ئەمرۆ لای خۆمان لە كوردستان بەرپرس وكاربەدەستان زۆرن، ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایەن و، هەروا پارەو پول زۆرەو، نازانن چی لێبكەن !!، لە باتی ئەوەی بۆ كردنەوەی كارگە، یان قوتابخانە، یان گۆرەپانی فوتبۆڵ و ڤالیبۆڵ و، یاریگای جۆراوجۆر یان بۆ هێنانی كارەبا وئاوو، یان بۆ دامەزراندنی خەستەخانەو مەڵبەندی رۆشنبیری، یان هەزاران كاریتر بەكاری بێنن و خەرجی بكەن !!، ئەوان پارە مۆڵكە، واتە ئەو پارە و پولە كۆكراوەتەوە ئیدی دزی بێت یان دەسكەوت بە خەیاڵی خۆیان بۆ كارێكی گرنگتر دایدەنێن، بۆ كارێك كە خزمەتی پاشە رۆژیان بكات، بۆ ئەوەی لە پلەیەكی نزم باز بدەن بۆ پلەیەكی بەرزو باڵاترو، سوور دەشزانن ئەوەی ئەنجامی دەدەن فریودان و چەواشەكردنی هاوڵاتییانە، چونكە لە لایەكەوە خزمتی بەرژەوندیخۆیان بەباشی دەكەن و، لە لایەكی تریشەوە بە خەیاڵی خاویانەوە خزمەتی بیروباوەرو كۆمەڵگا دەكەن و، هەرچەندە ئەوان باش دەزانن كردنەوەی كارگە خەڵك بەرەو ئیش دەبات و، قوتابخانە منالان پەروەردە دەكات و، یاریگا منالان ولاوان كۆ دەكاتەوەو لە كاری خراپ دووریان دەخاتەوەو، كارەبا پێویستییەكی گرنگەو بەبێ ئاویش كەس ناژێت.

پارە زۆر زۆرە یاری و قەمچانی پێدەكەن، ئەوەندە زۆرە لە سنوور تێپەریوەو نازانن چۆن چۆنی خەرجی بكەن، نازانن ئاو بۆ ماڵان رابكێشن هەر بۆ نموونە كاربەدەستان دەڵێن پارەمان هەیە بەڵام ئاو كەمەو ئەمەش بووەتە كۆسپ !!. لێرەدا پێویستە بڵێین : لە بێ خەبەران كەشكەك سلاوات ... لە رووی بێ ئاوی و تینۆتی باری دهۆك وهەولێر ، لە كەركوك وسلیمانی باشتر نییە و، بە دەگمەن جیاوازی لە نێوان شارو شاروچكەكان دەبینرێت و، ئەم قەیرانە، قەیرانی بێ ئاوی هەموو لایەك وەك یەك دەگرێتەوە.

راستە لە هەندێ شوێن بێ ئاوی یان كەمی ئاو كۆسپە ،بەڵام لە دەربەندیخان وباوە نوورو كەلار ( شار گەورە بێت یان گچكە ) هەر ماڵێك یەك كاتژمێر ئاو وەردەگرێت !!.بۆ نموونە لە دەربەندیخان دەریاچەیەكی ئاو هەیە وئاوی سیروان بە بەلاش دەروات !!،ئاوكەی سیروان لە هەندێ شوێن بەلای ماڵەكانەوە تێدەپەرێ هەر لە دەربەندیخان تا كەلارو جەلەولا، ئێمەی كورد سوودی لێ وەرناگرین، لە خوار جەلەولا برا (عروبەكانمان ) سوودی لێوەردەگرن و، هەر بۆ نموونە تا باقوبەو بەغدا زەوی بە هۆی ئاوی كوردو كوردستان سەوزەو رەنگینە. پێویستە هەموو لایەك وریاو چوست و چالاك بێت و، كەس نەتوانێت بەشی بخوات ، یان بوار بە گەلحۆو پیاو خراپ بدات هەموو خراپكارییەك بە خواست وئارەزووی خۆی بكات و، بۆ ئەوەی ئەو لایەنە هەر كەس بێت نەبێتە پرد بۆ پەرینەوەی دزو جەردە، پێویستە مرۆڤ لە ئاستی لێپرسراوێتی بێت و، هەمیشە هەوڵ بدات ئەو جۆرە پیاو خراپانە دوور بخاتەوە، ئەگەر نەیتوانی بەلای كەمەوە ریسوایان بكات.

پارە لە كوردستان هەیەو، پێویستە بۆ كاروباری پێشكەوتن و، پەرەسەندنی كۆمەڵگە بە كار بهێنرێت، نە بۆ كارێك تەنها و تەنها لە خزمەتی چەند كەس یان چەند تاقمو گروپێك بێت. پێویستە بۆ خۆشی و كامەرانی مرۆڤ خەرج بكرێت، نەوەك بۆ كرینی خەڵك !!.
كارڵ ماركس دەڵێت : مرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە، واتە كالایەك نییە بۆ فرۆشتن، بامیاو تەماتە نییە بكرێت بە چێشت، كراس وپانتۆڵ نییە لە بەر بكرێت،ئۆتۆمبێل نییە بار هەڵبگرێت، خانوو نییە بفرۆشرێت !!.

**ئەمرۆ لە وڵاتە شیرینەکەمان، لە کوردستاندا خەڵك کرین بەردەوامە و، ئەوەش دیاردەیەکی زەقو دێزو بێفەرە !!. باشتر وایە هەمووومان بە یەك دەنگ هاوار بکەین وئەو جۆرە رەفتارانە ریسوا بکەین و بە راشکاوی بڵێین :**

**با کار بەدەستان یان راست و رەوانتر مشەخۆران کە لە پەنای باڵادەستان ئەبووژێنەوە دەست لە کرینی مرۆڤــ هەڵگرن و، ئەو پرۆگرامانە بۆ ئەم جۆرە کارە چە پەڵانە دایانرشتووە هەڵوەشێنەوە.**

**لە سەرمانە داوا لە هەردوو ئیدارەکەی کوردستان ولە هەردوو پارتە زلهێزەکانی کوردستان بکەین کە بواری ئەو جۆرە رەفتارانە نەدەن، چونکە قەوارەی هیچ لایەکیان بەوە، واتە بە کرینی خەڵك وخەڵك کرین گەورەو فراوان نابێت !!.**
**لە کۆتاییدا با رێز لە بیروباوەرو مرۆڤی سەربەخۆ و دۆست و لایەنگیرانی حزبەکانی تر بگیرێت و، چیتر هەوڵی کرینیان نەدرێت، چیتر مشەخۆرێك بە یەکێك نەڵێت وەرە لامان خانەنشینی و پارچە زەوی و ئۆتۆمبیل و پارەی ژنهێنان و شتی ترت بۆ مسۆگەر ئەکەین !!.**